وەزیری دەرەوە: لەگەڵ تورکیا بەڵگەنامەیەک سەبارەت بە چێنیەتی بەڕێوەبردنی ئاو واژۆ دەکەین

ئەمڕۆ یەکشەممە"فەاد حسێن" وەزیری دەرەوەی عێراق،دووپاتی کردەوە کە عێراق لەگەڵ تورکیا بەڵگەنامەیەک سەبارەت بە چێنیەتی بەڕێوەبردنی ئاو واژۆ دەکات.

"حسێن"لە وتارەکدا لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی، کەموتەڤ بەدواداچوونی بە کردووە، ڕایگەیاند: پێیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا مێژوویی،ئاماژەی بەوەشدا کە کە سەردانەکەی "هاکان فیدان" بە بەغدا بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرسی ئاو کە گرنگی هاوبەشی بە هەردوو وڵات هەیە.

وەزیری دەرەوە ڕوونیکردەوە : دەسیەی ئاو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا تاوتوێ کرا، کە لە نێوان عێراق و تورکیا 26 یاداشتی لێکتێگەیشتن لە بوارە جیاوازەکاندا هەیە.

وتیشی: بەڵگەنامەیەک سەبارەت بە چێنیەتی بەڕێوەبردنی ئاو لەگەڵ تورکیا واژۆ دەکرێت .

ڕاشیگەیاند : کە عێراق پشتگیری لە گفتوگۆکانی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات، و هیوادارین بگەنە چارەسەرێک کە هەمووان پێی ڕازی بن.